# گەورەیی و شکۆمەندیی

## پێغەمبەری سەروەرمان ﷺ



نووسینی: محمود محمد مجید

# گەورەیی و شکۆمەندیی

# پێغەمبەری سەروەرمان (صلى الله عليه وسلم)

نـووسینی: محمود محمد مجید

بسم الله الرحمن الرحيم



# گەورەیی و شكۆمەندی پێغەمبەری سەروەرمان

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾

الحمد لله نحمده ونستعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضلَّ له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله.

أما بعد: خۆشەویستان لە پێناو ئاشنابوونی موسلمانانی خۆشەویست بە گەورەیی وشكۆمەندی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ وپلەی بەرێزیان لەلای خودا بەپێویستم زانی كەبەچەند خالێكی كورت لەمبارەوە بنووسم بۆ ئەوەی موسلمانان پێغەمبەری خودا باشتر بناسن و زیاتر رێزی بگرن وزیاتر پابەندی رێبازە شیرینەكەی ببن، لە رێگای ناسین وپلە بەرزی پێغەمبەری خۆشەویستەوە ناسنامەی موسلمانی خۆیان باشتر بناسن وبزانن كە رێز و پلەی شوێنكەوتووانی موحەممەد تایبەتە و جیاوازە لەگەل هەموو ئوممەتەكانی تر.

بەرێزان: ئەم بابەتە لە ئایینی ئیسلامدا، قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەر ﷺ زۆر باسیان كردووە زاناو پیاو چاكانی ئەم ئوممەتە زۆر بایەخیان پێداوە،كۆمەلێك پەرتوكیان

لەبارەیەوە داناوە ئێمەش لێرەدا گولبژێرێك لە قورئان و فەرموودە و قسەی زانایانی ئەسحابە و تابعین دەكەین و پشت بە خوا دەلێین:

## یەكەم: دەقە قورئانییەكان:

١- لە گەورەیی پێغەمبەرمان ﷺ خودای گەورە بە خۆیی و گشت فریشتەكان سەلەواتی لەسەر لێدەدەن خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا ٥٦﴾ (الاحزاب) واتە: «بەڕاستی خوا و فریشتەكانی (صلوات) دەدەن لەسەر پێغەمبەر ﷺ، ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئێوەش (صلوات)ی لەسەر بدەن و بەردەوام یادی خێری بكەن».

٢- لەگەورەیی پێغەمبەرمان خودا سوێد دەخوات كە نیعمەت وچاكەی لەگەل هەموو خەلكان كردووە بەناردنی موحەممەد كە كۆمەلێك كاری پەروەردە و فێركردن بە ئادەمیزاد دەبەخشێ، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لَقَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذۡ بَعَثَ فِيهِمۡ رَسُولٗا مِّنۡ أَنفُسِهِمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمۡ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ

﴿وَٱلۡحِكۡمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبۡلُ لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ١٦٤﴾ (آل عمران)
واتە: «سوێند بێت بێگومان خوا منەتی ناوەتە سەر ئیمانداران کاتێک پێغەمبەرێکی بۆ ڕەوانە کردوون لە خۆیان ئایەتەکانی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە، دڵ و دەروونیان پاک و پوخت دەکاتەوە، هەروەها فێری قورئان و داناییان دەکات، بەڕاستی پێشتر لە گومڕاییەکی ئاشکرادا ڕۆچوو بوون».

٣- لەگەورەیی پێغەمبەرمان خودا سوێند بەتەمەن وگیانی دەخوات، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿لَعَمۡرُكَ إِنَّهُمۡ لَفِي سَكۡرَتِهِمۡ يَعۡمَهُونَ ٧٢﴾ (الحجر) واتە: «ئەی محمد ﷺ سوێند بە گیانی تۆ ئەوانە لە سەرخۆشی خۆیاندا بۆ گوناهـ لەسەرگەردانیدا دەتلێنەوە».

٤- لەگەورەیی پێغەمبەرمان خودا دووجار لەدوای یەك سوێندی بۆ دەخوات بۆ دلدانەوە و رازیکردنی، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَٱلضُّحَىٰ ١ وَٱلَّيۡلِ إِذَا سَجَىٰ ٢ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ ٣ وَلَلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لَّكَ مِنَ ٱلۡأُولَىٰ ٤ وَلَسَوۡفَ يُعۡطِيكَ رَبُّكَ فَتَرۡضَىٰٓ ٥﴾ (الضحى) واتە: «سوێند بە چێشتەنگاو (کاتێك خۆر بەرز دەبێتەوەو )، سوێند بە شەو کاتێك بەتاریکیەکەی زەوی

دادەپۆشێت، پەروەردگارت دەستبەرداری تۆ نەبووە و وازی لە تۆ نەهێناوە و خەشمی لێ نەگرتوویت (ماوەیەك وەحی نەهات بۆ پێغەمبەر ﷺ كافرانی قورەیش وتیان، پەروەردگاری محمد وازی لێ هێناوە، ئیتر خوای گەورە بەدرۆی خستەوە). بێگومان قیامەت و دوارۆژ چاكترە بۆ تۆ لە دنیا. لە لەمەودوا پەروەردگارت ئەوەندە نازو نیعمەتت پێدەبەخشێت كە زۆر پێی ڕازی و خۆشنوود دەبیت».

٥- لەگەورەیی پێغەمبەرمان خودا سوێند بە شاری مەككە دەخوات چونكە موحەممەد ﷺی تێدایە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَآ أُقۡسِمُ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ۝١ وَأَنتَ حِلُّۢ بِهَٰذَا ٱلۡبَلَدِ ۝٢﴾ (البلد)

واتە: «سوێندم بەم شارە (واتە شاری مەككە). لە كاتێكدا تۆ نیشتەجێی تیایدا».

## دووەم: فەرموودەكانی پێغەمبەر ﷺ

١- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: «أنَا سَيِّدُ وَلَدِ آدَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلا فَخْرُ، وَأَوَّلُ مَنْ تَنْشَقُّ عَنْه الأرض، وَأَوَّلُ شافع، بِيَدِي لِوَاءُ الْحَمْدِ، تَحْتَهُ آدَمُ، فمَنْ دُونه»[1] . واتە: (من گەورەی نەوەكانی

(١) رواه البخاري (٧/٥)، ومسلم (١٣٣/١٥).

ئادەمم لە ڕۆژی قیامەت، وە هیچ شانازیش بەخۆمەوە ناكەم، یەکەم کەسم زەویم لەسەر والا دەکرێت لە گۆڕ دێمە دەرەوە، وە یەکەم کەسم شەفاعەت وتکا بۆ خەلك دەکەم، ئالای سوپاسگوزاری خودا لەدەستە من دایە، لە باوەکە ئادەمەوە بەرەو خوار هەمووی لەژێر ئەم ئالایە دەوەستێت).

٢- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت: «لِكُلِّ نَبِيٍّ دَعْوَةٌ مُسْتَجَابَةٌ، فَتَعَجَّلَ كُلُّ نَبِيٍّ دَعْوَتَهُ، وَإِنِّي اخْتَبَأْتُ دَعْوَتِي شَفَاعَةً لِأُمَّتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ، فَهِيَ نَائِلَةٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ مَنْ مَاتَ لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا»[(١)].

واتە: (هەموو پێغەمبەرێك نزاو دوعایەکی گیرا (قەبولکراوی) لەخودا پێدراوە، هەموو پێغەمبەران پەلەیان کرد دوعاکەیان لە دونیا بەکار هێنا، بەڵام من دوعاکەی خۆم هەلگرت بۆ ڕۆژی قیامەت، وەك شەفاعەت بۆ ئوممەتەکەم بەکاری بێنم، بەویستی خودا هەرکەسێ لە ئوممەتەکم بە موسلمانی مردبێت شەریك و هاوتای بۆ خوا دانەنابێت، ئەم دوعاو شەفاعەتە دەیگرێتەوە).

بەلێ خۆشەویستان سەروەرمان خۆشەویستی خودایە وگەورەترین و بەرێز ترین خەلقی خودایە سەروەرو گەورەی ڕۆژی قیامەت .

---

(١) رواه البخاري (٩٦/١١) ومسلم (٧٥/١٣).

# چەند پەیڤێك لەبارەی سەڵەواتدان لەسەر سەروەری مرۆڤایەتی ﷺ

بێگومان یەكێك لەو عیبادەتانەی كە لەخوای گەورە نزیكمان دەكاتەوە و كۆمەڵێك سەروەری وخۆشبەختیمان پێدەبەخشێت لە ژیانی دونیا و قیامەت، سەلاوات دانە لەسەر پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی گوڵزاری فەرموودەكانی خوا و پێغەمبەرمان دەكەین، بۆ ئەوەی بۆنە خۆشەكانیان و شیلەی گوڵەكانیان دڵخۆشكەن و ببنە شیفای دەردەكان و زیاتر نەمامی خۆشەویستی لە دلەكان بروێنن و مەشخەلی وەفداری و سۆزی ڕاستەقینە لە سینەی عاشقان دابگیرسێ و ڕۆحەكان بە پابەندبوونی فەرمانی خالیقیان ئاسوودەبن...

١- خودای میهرەبان فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا ٥٦ ﴾ (الاحزاب) واتە: «بەڕاستی هەمیشە خودا و فریشتەكانی درود و ڕەحمەت و ستایش لە سەر پێغەمبەر دەدەن، ئێوەش ئەی بڕواداران سەلات و سەلام بدەن لە سەر پێغەمبەر». چەند

گەورەییيە مرۆڤ لە مەراسیمێك بەشداریی بكات كە خودا و فریشتەكان بەڕێوەی دەبەن و ئەمەش ئەوپەڕی گەورەییيە بۆ پێغەمبەری خۆشەویستمان.

تێبینی: بوخاری ڕەحمەتی خوای لێبێت، لە (ابو العاليه) دەگێڕێتەوە، كە سەڵەواتی خودا لە سەر پێغەمبەر ﷺ و بەندەكانی واتە: مەدح و ستایشیان دەكات لەلای فریشتە پایەبەرزەكان، هەروەكوو لەم ئایەتە فەرموویەتی: ﴿هُوَ ٱلَّذِى يُصَلِّى عَلَيۡكُمۡ وَمَلَـٰٓئِكَتُهُۥ لِيُخۡرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَـٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ وَكَانَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَحِيمًا ﴿٤٣﴾﴾ (الاحزاب) **واتە:** «پەروەردگار ئەم زاتەیە خۆی و فریشتەكانی سەلەواتتان لەسەر لێدەدەن، بۆ ئەوەی لە تاركاییيەكانی كوفر و نیفاق و گومرایی دەرتان بهێنن بەرەو نور و ڕووناكی خودا كە ئیسلامە، هەمیشە خودا بەرامبەر بەندەكانی زۆر میهرەبانە».

٢- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت: «مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلَاةً وَاحِدَةً، صَلَّى الله عَلَيْهِ عَشْرَ صَلَوَاتٍ، وَحُطَّتْ عَنْهُ عَشْرُ خَطِيئَاتٍ،

وَرُفِعَتْ لَهُ عَشْرُ دَرَجَاتٍ»[(١)]. واتە: (هەرکەسێك یەك سەلاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ لێبدات، خودا دە سەلاوات لەسەر ئەو کەسە لێدەدات و دە گوناهی لەسەر دەسرێتەوە و دە پلەش لای خۆی بەرزی دەکاتەوە). بەڵێ قوتابخانەی سەلەواتدان، لە گوناهان پاکتدەکاتەوە، ڕەحمەتی خودا بەسەردا دەرژێنێ، پلە و پایەت لەلای خودا بەرز دەکاتەوە، زوو خۆت ناو نووسی ئەم قوتابخانە بکە، تا دەگەیتە حەوزی کەوسەر بەدەستی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ لە ئاوی کەوسەر بخۆیەوە.

٣- پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: «إِنَّ مِنْ أَفْضَلِ أَيَّامِكُمْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، فَأَكْثِرُوا عَلَيَّ مِنَ الصَّلَاةِ فِيهِ، فَإِنَّ صَلَاتَكُمْ مَعْرُوضَةٌ عَلَيَّ»[(٢)]. واتە: (بەراستی لە ڕۆژە هەرە گەورەکانتان، ڕۆژی هەینییە، بۆیە لەو ڕۆژە زۆر سەلەوات لەسەر من لێبدەن، چونکە سەلەواتەکانتان بە من ڕادەگەیەندرێت). بەڵێ ڕۆژی هەینی ڕۆژی جەژنی موسلمانانە، ڕۆژی تاعەت و خواپەرستی و

---

(١) رواه الإمام أحمد (١١٥٨٧) والنسائی (١٢٩٧) - واللفظ له - بإسناد حسن و ابن حبان (٩٠٣) وصححه.

(٢) رواه أبو داود بإسناد صحيح وأخرجه أحمد وصححه ابن حبان والحاكم ووافقه الذهبي.

نوێكردنەوەی تعارف و خۆشەویستی پێغەمبەرە ﷺ، زۆر سەلەواتدانیش یەكێك لە نیشانەكانی خۆشەویستییە.

٤- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت: «من صلّى عليّ حين يصبح عشراً وحين يمسي عشراً أدركته شفاعتي يوم القيامة»[(١)]. واتە: (هەركەسێك لە موسلمانان، هەموو بەیانیان دە سەلەواتم لەسەر لێبدات و ئێوارانیش دەجار، ئەوا شەفاعەتی من بە هانای دێت لەرۆژی قیامەت). جا ڕۆژانە بەرنامەت بێت و لەبیری نەكەی لە ڕۆژی قیامەت شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ واتە: ڕزگاربوون لە ئاگری دۆزەخ.

٥- عەبدوڵڵای كوڕی عەمرِ رضي الله عنه دەڵێت: «مَنْ صَلَّى عَلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ، صَلَّى الله عَلَيْهِ، وَمَلَائِكَتُهُ سَبْعِينَ صَلَاةً فَلْيُقِلَّ مِنْ ذَلِكَ أَوْ يَكْثِرْ»[(٢)]. واتە: (هەركەسێك یەك سەلەوات لەسەر پێغەمبەری خودا بدات ﷺ، ئەوا لەپاداشتی خودا و فریشتەكانی حەفتا سەلەوات لەسەر ئەو كەسە لێدەدەن، جا سەلەوات كەم لێبدەن یان زۆر). بەرێزم ئەوە گەورەیی و سەرفرازییە لە دەستی خۆتی مەدە.

---

(١) أخرجه الطبراني في الكبير بسند حسن.

(٢) رواه أحمد.

٦- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت: «إِذَا سَمِعْتُمُ الْمُؤَذِّنَ، فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ ثُمَّ صَلُّوا عَلَيَّ، فَإِنَّهُ مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلَاةً صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ بِهَا عَشْرًا، ثُمَّ سَلُوا اللهَ لِيَ الْوَسِيلَةَ، فَإِنَّهَا مَنْزِلَةٌ فِي الْجَنَّةِ، لَا تَنْبَغِي إِلَّا لِعَبْدٍ مِنْ عِبَادِ اللهِ، وَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَنَا هُوَ، فَمَنْ سَأَلَ لِيَ الْوَسِيلَةَ حَلَّتْ لَهُ الشَّفَاعَةُ»[١]. واتە: (هەرکاتێك گوێتان لە بانگبێژ بوو -المؤذن-، وەکوو ئەو بڵێن، واتە: وەڵامی بانگ بدەنەوە، پاشان سەڵەوات لەسەر من لێبدەن، چونکە هەرکەسێك یەك سەڵەوات لەسەر من لێبدات، خوا دە جار سەڵەوات لەسەر ئەو کەسە لێدەدات، پاشان داوای وەسیلەم بۆ بکەن کە پلەیەکە لە بەهەشت، تەنها بۆ یەك لە بەندەکانی خودا دانراوە، ئومێدەوارم ئەو بەندەیە من بم ، هەرکەسێك داوای وەسیلەم[٢] بۆ بکات شەفاعەتی من بۆی حەڵاڵە).

٧- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت: «إِنَّ لِلَّهِ تَعَالَى مَلَائِكَةً سَيَّاحِينَ فِي الْأَرْضِ، يُبَلِّغُونِي مِنْ أُمَّتِي السَّلَامَ»[٣]. واتە: (بەڕاستی خوای

---

(١) رواه مسلم.

(٢) مەبەست لە وەسیلە خوێندنی دوعای: «اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ، وَالصَّلَاةِ الْقَائِمَةِ آتِ مُحَمَّدًا الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ، وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدْتَهُ».

(٣) رواه أحمد والنسائي.

پەروەردگار کۆمەڵێك فریشتەی گەڕۆکی هەیە، لە زەوی، کە سەلامی ئوممەتەکەم بە من ڕادەگەیەنن).

بەڕێزم ئەگەر دەتەوێت ناوت لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ بخوێندرێتەوە، فریشتەکان بڵێن ئەی موحەممەد ﷺ فڵانی کوڕی فڵان سەلامت لێدەکات، ئەوا ڕۆژانە ڕەزیلی و درێخی نەکەی لە سەلەوات دان و سەلامکردن لە پێغەمبەرە خۆشەویستەکەت ﷺ.

٨- یەکێك لەو خەونە ڕاستەقینانەی خودای پەروەردگار بە پێغەمبەرمان ﷺی نیشان داوە، کە خەونی پێغەمبەران ﷺ بە وەحی (سروش) دادەنرێ، کۆمەڵێك شتی بینی بوو یەکێك لەمانە، دەفەرمووێت: «وَرَأَيْتُ رَجُلًا مِنْ أُمَّتِي يَزْحَفُ عَلَى الصِّرَاطِ ويحبو أَحْيَانًا ويتعلق أَحْيَانًا، فَجَاءَتْهُ صَلَاتُهُ عليّ فَأَقَامَتْهُ عَلَى قَدَمَيْهِ وأنقذته»[١]. واتە: (پیاوێکم بینی لە ئوممەتی خۆم، لە سەر پردی سیرات لەسەر جەهەننەم کەوتووەخوارێ لەسەر سك خۆی دەخشاند دەڕۆیشت، جا جار بە گاگۆلە دەڕۆیشت و هەندێك جار دەکەوت خۆی دەگرت، ئا لەم کاتە سەختە

(١) رواه أبو موسى المديني وبنى عليه كتابه في (الترغيب والترهيب) وقال: هذا حديث حسن جداً.

سەلەواتدانی لە سەرمن هات، دەستی گرت وخستیەوە سەر قاچەکانی و ڕزگاری کرد).

بەلێ خۆشەویستان: بەرەکەتی سەڵەواتدان لەسەر پێغەمبەری خودا ﷺ، بەرەکەت و خێر و خۆشی دونیا و قیامەتی تێدایە، ئەوەی دەیەوێت:

- خودا و فریشتەکانی سەلەواتی لەسەر لێبدەن و لەتاریکی و گومڕایی بۆ نوری خوا و ڕەحمەتی خوا ڕزگاری بێت.
- گوناهەکانی بسرێتەوە.
- لە هەژاری ڕزگاری بێت.
- لە غەم وخەفەت ڕزگاری بێت.
- پلەی لە بەهەشت بەرز بێتەوە.
- شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ مسۆگەر بکات.
- پێغەمبەری خودا ﷺ لە دونیا بیناسی و تعارفی لەگەڵ بکات.
- لەسەر پردی سیرات بەئاسانی ڕزگاری بێت.
- لە بەهەشت لە مەجلیسی پێغەمبەر ﷺ نزیك بێت.
- بەرەکەت بکەوێتە تەمەن و ماڵ و منداڵی.
- دوور و پارێزراو بێت لە نیفاق ...... زۆر پاداشت و مزگێنی خۆشی دیکە... ئەوا با زۆر سەڵەوات بدات لە سەر

خۆشەویستی خودا و خۆشەویستی هەموو پیاوچاك و ساڵحان و گەورە پێشەوای دونیا و قیامەت.

منیش بەم چەند دێرە سادەیە کۆتایی دێنم و پڕ بە دڵ و زمان و سۆز و وەفا دەڵێم: «اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَعَلَى أَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ، وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَعَلَى أَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ»[١].

## چەند ساتێك لە ماڵی پێغەمبەری خوا ﷺ

بەڕێزان: سەردان و بە سەرکردنەوەی دۆست وخۆشەویستان هەمیشە لە کار و کردەوەی دۆستە ڕاستەقینەکانە لەگەڵ یەکتری و ئاگاداری لە حاڵ و گوزەرانی یەکتر هەمیشە چێژێکی تر بە پەیوەندیە پیرۆزەکان دەبەخشێت، لێرەدا مەبەستم سەردانی نێوان خۆمان نیە، بەڵکۆ مەبەستم لەسەردانێکی ڕۆحی پڕ لە جۆشوخرۆشە و قوڵبوونەوەیە بە ناخی مێژوو بۆ سەردانی مەدینەی (رسول الله) و ماڵە سادە و ساکارەکەی خاتوو

---

(١) متفق عليه.

عائیشەی دایکمان و سەرجەم دایکانی دیکەمان (لە خێزانەکانی پێغەمبەرمان ﷺ) بۆ ئەوەی ڕێگاش بزر نەکەین دەچینە خزمەت هاوەڵانی بۆ ئەوەی یەکسەر بمانبەن بۆ شوێنی مەبەست و ماندوو نەبین، چونکە ئێمە پەروەردەی سەردەمی جیانگیریین، لەوانەیە لە کۆشك و تەلار و ئۆتومبیلی کۆتا مۆدیل و تانکەری نەوت و ڤێللا بڕوانین و بزربین.

١- بەڵێ ئێستا ئەمە عورِوەی کوری زوبێرە (خوا لێی ڕازی بێت) کوڕی ئەسمای خوشکی خاتوو عائشە (خوا لێی ڕازی بێت) لەگەڵی دەچینە مالی عائیشەخان بزانین چۆن باسی حاڵ و ژیان و گوزەرانی خۆیان دەکات: «وَاللهِ يَا ابْنَ أُخْتِي، إِنْ كُنَّا لَنَنْظُرُ إِلَى الْهِلَالِ، ثُمَّ الْهِلَالِ، ثُمَّ الْهِلَالِ، ثَلَاثَةَ أَهِلَّةٍ فِي شَهْرَيْنِ، وَمَا أُوقِدَ فِي أَبْيَاتِ رَسُولِ اللهِ ﷺ نَارٌ. قَالَ: قُلْتُ: يَا خَالَةُ فَمَا كَانَ يُعَيِّشُكُمْ؟ قَالَتْ: الْأَسْوَدَانِ التَّمْرُ وَالْمَاءُ، إِلَّا أَنَّهُ قَدْ كَانَ لِرَسُولِ اللهِ ﷺ جِيرَانٌ مِنَ الْأَنْصَارِ، وَكَانَتْ لَهُمْ مَنَائِحُ، فَكَانُوا يُرْسِلُونَ إِلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ مِنْ أَلْبَانِهَا، فَيَسْقِينَاهُ»[١]. واتە: (سوێند بە زاتی الله کورە خوشکی خۆم، مانگ دەهات و دەرۆیی و پاشان دەهات و دەرۆیی و پاشان دەهات و دەرۆیی، سێجار مانگ هەڵاتن لە

---

(١) البخاری: (٦٠٩٤) ومسلم: (٢٩٧٢).

دوو مانگان- لە هیچ یەكێك لەماڵەكانی پێغەمبەری خودا ئاگر پێنەكراوە، عوروە گوتی: ئەی پوورە گیان ئێوە بەچی دەژیان؟ عائیشە فەرمووی (الْأَسْوَدَان) ئاو و خورما، ئەوەش نەبێت هەندێك لە دراوسێ ئەنساریەكانمان ئاژەلی شیرداریان هەبوو لە ماڵەوە، جار جار كەمێكیان بە دیاری بۆ پێغەمبەر ﷺ دەنارد ئەویش دەرخواردی ئێمەی دەدا).

٢- عائیشەخان، ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ لە دوای خۆی چی بۆ جێهێشتوونە؟ دایكمان عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: «تُوُفِّيَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَدِرْعُهُ مَرْهُونَةٌ عِنْدَ يَهُودِيٍّ بِثَلَاثِينَ صَاعًا مِنْ شَعِيرٍ»[١]. واتە: (پێغەمبەری خودا ﷺ كۆچی دوایی كرد زرێكەی -لە بەری دەكرد لەكاتی جەنگ- ڕەهن كرابوو لای جولەكەیەك بەرامبەر سی ڕبە جۆ ؟؟؟).

٣- ئەمجارە لەگەل ئەبو بوردەی كوڕی ئەبو موسای ئەشعری سەردانی خاتوو عائیشەمان كرد بۆ ئەوەی زیاتر بزانین: «أَخْرَجَتْ لنا عَائِشَةُ رضي الله عنها كِسَاءً مُبَلَّدًا وَإِزَارًا غَلِيظًا. قَالَتْ: قُبِضَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فِي هَذَيْنِ»[٢]. بەڵێ عائشەخان بۆ

---

(١) البخاري: (٢٧٥٩)، والترمذي (١٢١٤).

(٢) رواه البخاري ومسلم وابوداود والترمذي.

ئەوەی ئاگادارمان بكاتەوە زیاتر لە ژیانی پێغەمبەرمان ﷺ، (كراسێكی پینەكراوی لەگەڵ دەرپێیەكی زبر (دڕ)ی هێنا فەرمووی: پێغەمبەری خودا ﷺ كە كۆچی كرد ئەم دوو جلەی لە بەربوو).

٤- هەروەها دەفەرمووێ: «خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مِنَ الدُّنْيَا وَلَمْ يَشْبَعْ مِنْ خُبْزِ الشَّعِيرِ»(١). واتە: (پێغەمبەری ﷺ خودا لە دونیا چووە دەرەوە، هیچ كات لە نانی جۆ تێری نەخوارد).

٥- هەروەها عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس ئەم هەواڵەی پێراگەیاندووین: «أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ كَانَ يَبِيتُ اللَّيَالِيَ الْمُتَتَابِعَةَ طَاوِيًا، وَأَهْلُهُ لَا يَجِدُونَ عَشَاءً، وَكَانَ عَامَّةُ خُبْزِهِمْ خُبْزَ الشَّعِيرِ»(٢). واتە: (پێغەمبەری خودا ﷺ چەندین شەو لەسەر یەك بەبرسێتی شەوی بەرێ دەكرد لەگەڵ ماڵ و منداڵیشی خواردنی ئێوارەیەیان نەبوو، زۆربەی نانیشیان هەر نانی جۆ بوو).

٦- ئەمجارە لەگەل عومەری كوڕی خەتتاب دەبین كە فەرموویەتی: «ڕۆژێك چوومە لای پێغەمبەر ﷺ بینیم لەسەر

---

(١) رواه البخاري والترمذي.

(٢) وروى الإمام أحمد، والترمذي، وابن ماجه، وهذا لفظ أحمد.

حەسیرێك خەوتبوو، تەنها دەرپێیەكی لەبەربوو، شوێنەواری حەسیرەكە لە تەنیشتەكانی جەستەی دەرچووبوو، تەماشای ژوورەكەم كرد هەندێك جۆم بینی نزیكەی ڕبەیەك دەبوو، لەولاوە هەندێك گەلای بەڕووم بینی -كە بۆ پێستە خۆشكردن بەكاریان دەهێنا- وە پێستەیەكی ئاژەڵ هەڵواسرابووە؟؟؟ بۆیە چاوەكانم پڕ فرمێسك بوون، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: (ئەی كوڕی خەتتاب بۆ دەگریت؟) گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ چۆن نەگریم؟ ئەم حەسیرە لە تەنیشتەكانت چۆن دەرچووە، ئەمەش ماڵ و سەرووەتی تۆیە، تۆ چیت هەیە هەر ئەمەی دەیبینم؟ ئەوەش كیسرا و قەیسەر -سەركردەكانی فارس و ڕۆم بوون- لەناو میوەجات و ڕووبارن، تۆش پێغەمبەر و هەڵبژاردەی خودایت ئەمە گەنجینە و سامانتە، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی: (ئەی كوڕی خەتتاب تۆ ڕازی نابیت بەوە ژیانی كۆتایی بۆ ئێمە بێت و دونیا بۆ ئەوان ؟؟؟)» [(١)].

بەلی بەرێزان زۆر شتی تریش بەڵام ئەمە ساتێك بوو لە گەشتەكەمان ئێمەش گریاین نەمانتوانی چیتر زەحمەت و

---

(١) رواه ابن ماجة باسناد صحيح والحاكم وقال صحيح على شرط مسلم.

ناخۆشی و ژیانە سەختەکەی پێغەمبەرمان و خێزانەکانی و هاوەڵانی ببینین.

بەلام سەربەرزبوو، ڕووگەش بوو، لێوبەخەندە، میهرەبان بوو، ئازاو نەبەرد لە رێگای خودا، چاو تێر بوو، بۆیە هەموو دونیا پێی سەرسام بوو، بێباوەڕان بەر لە باوەڕداران و شوێنکەوتووانی. بەڵام هەرچی بڵێین کەمە لە بارەی ئەو لە شکۆی بەرزیی و بلیمەتی و مەردایەتی و مرۆڤدۆستی و گیانی لێبووردەیی...

نەخێر ئەو بەندەی خودایە و خودا پەروەردەی کردووە، بڕوانامەی ڕەوشت بەرزیی لە مەلەکوتی خودا پێبەخشراوە، بۆیە گەورە و سەروەری هەر هەمووانە.

محمود محمد مجید

## ناوەڕۆك

گەورەیی و شکۆمەندی پێغەمبەری سەروەرمان ٥
یەکەم: دەقە قورئانییەکان: ٦
دووەم: فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ: ٨
چەند پەیڤێك لەبارەی ســـــەڵەواتدان لەســــەر
سەروەری مرۆڤایەتی ﷺ ١٠
چەند ساتێك لەماڵی پێغەمبەری خوا ﷺ ١٧